# کورتەیەک لە دۆسیای هەڕەشەکانی تورکیا لە نێوان حەقیقەت و پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکاندا

هیوا عبدالله – بلجیکا
Hiwa.Abdullah@gmail.com

وادیارە ئەوە جاری یەکەمین نیە دەوڵەتی تورکیا باس لە کێشەی کەرکوک و مەترسی پێکهاتەیەکی کوردی لە باشوری کوردستاندا دەکات، بەڵکو تورکیا لە هەموو کاتەکاندا خەون بە ئیمپراتۆریای عوسمانیەکانەوە دەبینێتو لە هەر کاتێکدا کە بارودۆخی یەکێک لەو وڵاتانەی کە بۆ ڕۆژێک لە مێژودا هەسپەکانی عوسمانی خۆیان تێدا تاودابێ بەرەو خراپی یان نالەباری چوو، حیزبە سیاسیەکانی تورکیا جا چ ئەوانەی لە دەستەڵاتدابن و چ ئەوانەی لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن دابن، ئەو خەونە زیندوو دەکەنەوە.

لە ساڵی 1991 کە بۆ جاری یەکەمین گەلی کورد لە باشوری کوردستان سەری هەڵدا، دەوڵەتی تورکیا کەوتە خۆو چەندین دەزگای جاسوسی "میت"ی لە باشوری کوردستان ساز کردو پاشانیش چەندین ڕێکخراوی تورکمانی تورکمانی ساز کرد و پارەو پولێکی زۆری بۆ خەرج کردن، تورکیا هەر بەوەشەوە نەوەستا لە دوای ئەوەی شەڕی ناوخۆ لە کوردستاندا سەری هەڵداو گەلی کوردیش توشی گرانی و بێ دادی و ماڵوێرانی بوو، لە ڕێگای بەرەی تورکمانیەوە چەندین کوردی بە تورکمان ناونوس کرد لەبەرانبەر چەند کیلۆ ئارد، شەکر و ڕۆنێک.

لە ماوەی شەڕی ناوخۆیی لایەنەکاندا بەتایبەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان – پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتی کرێکارانی کوردستاندا، دەوڵەتی تورکیا قاچی خۆی باش جێگیر کرد بەتایبەتی لە هەولێر و لە بادینانیش لە لایەنی ئیستخباراتیەوە جێگای خۆی کردەوە، لە هەمووی سەیرتر کاتێک تورکیا بینی شەڕ لەنێوان لایەنەکان لە ئارادایە، وایزانی ئیتر ئەوە بەسەو هەتا هەتایە هەر دەمێنێت و ئەتوانێ ئەو لایەنانە بەکار بێنێ، بۆیە حیسابی ئەوەی نەکردبوو و نەیدەزانێ ڕۆژێک بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەکە گۆڕانی بەسەردا دێت و ئیتر پێویستی بە مانەوەی سەدامێکی لاواز و ئۆپۆزسیۆنێکی عەرەبی لەوی لاوازتری نامێنێت و شەقێک لە هاوسەنگیە سیاسیەکان دەدات. هەربۆیە دوای ئەوەی ئەمریکا ڕژێمی بەعسی ڕووخاند ئینجا زەنگی مەترسی هاتەبەرگوێی حیزبی تازە دەستەڵاتداری تورکیا واتە "پارتی داد و گەشەپێدان". ئاخر خۆ لە خۆڕانەبوو پارتی داد و گەشەپێدان ڕێگای نەدا سوپای ئەمریکا لە تورکیاوە هێرش بکاتە سەر خاکی عێراق بۆ ڕوخاندنی ڕژێمی بەعس، دەوڵەتی تورکیا لەو کاتەوە هەستی

به مەترسیەکانی ئاینده کردو، هەموو خەون و حیساب و کتابە ناتەواوەکانی هەڵوەشایەوە.

ئیتر تورکیا لەوکاتەوە تاوەکو ئێستا تەماشای ڕەوشی عێراق دەکات و ناتوانێ بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدات، ئەو سیاسەتەی ئەردۆغان لە سیاسەتەکانی کۆماری تورکیای کۆن دەچێ کە لە سەرەتای ناکۆکیەکانی بلوکی سۆسیالیست و کاپیتالیستدا ئەنجامی دەدا، واتە ئەو ماوەیە تورکیا هەم ویستی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەمریکا بەردەوام بکات و لێی بخوا، هەمیش تاوەکو توانی پەیوەندی خۆی لەگەڵ سوریاو ئێران و گروپە دژ بەکوردەکانی عێراق جا چ شیعە و چ سونە خۆش کرد، لەلایەک قاچەکانی عەبدوڵا گول و ئەردۆغان شل بوون ئەوەندەی ڕێگای واشنگتۆن بکوتنەوە، کەچی لەبەرانبەر ڕای گشتی تورکیا ڕۆژانە ئاسنی سارد دژ بە ئەمریکا دەکوتنەوە.

ئەگەر لە ڕوانگەیەکی واقعبینانەوە تەماشا بکەین ئەو دەستکەوتە نەتەوەییانەی کورد لە باشوری کوردستاندا تورکیا لە لایەنی ستراتیژیەوە گرفتار دەکات، تورکیاش باش دەزانێ ئەگەر بێت و ریفراندمی شاری کەرکوک لە سەرەتای ئەم ساڵدا ئەنجام بدرێ ئەوا ڕەوشەکە زیاتر دەگۆڕێ، بۆیە هەرچیەکی لە دەستی بێت ئەنجامی دەدات. پێش ئێستا کاتێک ڕاپۆرتەکەی بیکەر–هامیلتۆن ئاشکرا بوو تورکەکان زەردەخەنەیان هاتە سەر لێوو ڕۆژانە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا دەیانگوت ئیتر لەمڕۆ بەدوا پێویست بە پەلە پەلی و سترێس ناکات، چونکە لە راپۆرتەکەدا باس لە دواخستنی ریفراندمی شاری کەرکوک و خۆشکردنی پەیوەندیەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئێران و سوریا دەکرێ، بۆ ئەوەش ڕۆڵی کوردەکان لەمڕۆ بەدواوە نامێنێ، بەڵام کە بینیان جۆرج بووشی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە پێچەوانەی ڕاپۆرتەکەی بیکەر–هامیلتۆن دەجولێتەوەو، هەر دوای ئەوە فرمانی هێرشکردنە سەر باڵیۆزخانەی ئێرانی لە هەولێر دەدات و خۆشحاڵی خۆی لەبەرانبەر خنکاندنی دکتاتۆری عێراق "سەدام حسێن" دەردەبڕێ و فرمانی ڕەوانەکردنی 20 هەزار سەربازی پسپۆر دەدات، ئەو کاتە زانیان کە خۆیان فریو دەدەن و جارێکی دیکە سواری هەسپە ڕەشەکەی عوسمانی بوونەوە.

لە ڕاستیدا دوو هەڕەشەی تورکیا کە بریتین لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنێکی سەربازی لە زاخۆوە تا خانەقین و داخستنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیل زۆر زەق و بەرچاون، بەڵام بەڕای من ئۆپەراسیۆنی سەربازی بەبێ ڕەزامەندی دەستەڵاتی کوردی و ئەمریکا ئەنجام نادرێ، ئەگەر ئەنجامیش درا ئەوا ئەگەری ئەوە هەیە سوپای تورکیا زەبرێکی گیانی و ماڵی زۆری پێ بکەوێ. داخستنی دەروازەی ئیبراهیم خەلیلیش کاتیەو هیچ کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێ، بەڵام ئەوەی مرۆڤ لێی دەترسێ و چاوەڕێی دەکات، هەڵگیرساندنی کەشو هەوای شەڕی ئەهلی و سڤیلە لە نێوان تورکمان و کورد لە لایەن ڕژێمی تورکیاوە، چونکە ئەگەر تورکیا سوربێ لەسەر ئەو ئامانجانەی کە تا ئێستا بە گوتار سورە، ئەوا جگە لەوە هیچ ڕێگایەکی دیکەی نیە بۆ ئەوەی ناوی تورکمانەکان زیاتر زەق کاتەوە و کێشەکە بکاتە

کێشەیەکی نێودەوڵەتی، هەروەها تورکیا خۆشی ئەزموونی لە هەڵگیرساندنی ئەو جۆرە کەشو هەوایانەدا هەیە، بۆیە ئەو ماوەیە هەرچی بکرێ کەمە بۆ ڕێگاگرتن لە گێرەشێوێنیەکی بەو شێوەیە، هەرچەند کۆبونەوە لەگەڵ کەسایەتی و ڕێکخراوە تورکمانیەکانی هەردوو شاری هەولێر و کەرکوک بکرێ بە ئامانجی شرۆڤەکردنی ئەو ڕەوشە هەر کەمە. پێویستە دەستەڵاتی کوردی گوشار بخاتە سەر حکومەتی ناوەندی بەغدا بۆ ئەوەی لە ئاست هەرەشەکانی تورکیا بێ دەنگ نەمێنێ. پێویستە کێشە ناوخۆییەکانی تورکیا و بەتایبەتی کێشەی کورد بەبیر حکومەتی ئەردۆغان بێنرێتەوە. ئەگەر کار گایشتە ئاستێکی بەرزتر دەبێ دەستەلاتی کوردی ڕێگا بە جەماوەر بدا تاکو لە چوارچێوەی چەند خۆپێشاندانێکی گەورەی جەماوەری کاردانەوەی خۆیان لەبەرانبەر حکومەتی ئەنکەرە نیشان بدەن.

ئەگەر هاتو ئەم خاڵانەو چەندین خاڵی دیکە جێ بە جێ کران ئەوا بێ گومان حکومەتی تورکیا لە هەوڵەکانی دژ بە کورددا سەرناکەوێ و ناچار دەبێ لە ئاستی تورکیاو باکوری کوردستانیشدا هەنگاوێک بچێتە دواوە، بەلاّم بمانهەوێت و نەمانهەوێت ئەو هەڕەشانە بەشێکیشیان بریتین لە پروپاگەندەی هەڵبژاردنەکانی تورکیا کە ئەم ساڵ بڕیارە ئەنجام بدرێ. زۆر بەداخەوە کە سیستەمی دەوڵەتی تورکیا هەر لە سەرتاوە تاوەکو ئێستا سیستەمێکی دەوڵەتی نەتەوەییە، لە ناو سیستەم و لۆژیکێکی بەو شێوەیەشدا، بتهەوێ و نەتهەوێ هەموو شتەکان بەتایبەتی شەڕی دەستەلاّت ئاراستەو شێوەیەکی ئەتنیک – نەتەو بەخۆیانەوە دەبینن، لە ولاّتانی دێمۆکرات و پێشکەوتودا دەبینین، ئۆپۆزیسیۆنەکانی دەستەلاّت زیاتر مەسەلەی بژێوی هاولاّتیان، کێشە ئابوری و کۆمەلاّیەتیەکان زەق دەکەنەوە، بەلاّم لە ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست و تورکیادا کارتی نەتەوەیی ڕۆڵی گەورەترین چەک دەبینێ بۆ فریودان و سەرخۆشکردنی هاولاّتیان، جا لەبەر ئەوەی دەوڵەتی تورکیا هاوکات دەوڵەتی ئایدۆلۆژیای کەمالیشە، هەموو ڕۆشەنبیرەکانیشیان لە ئەنجامدا لەگەڵ پیاوانی دەوڵەت، دەستەلاّت و سیاسەت یەک دەگرنەوە، ئەگەر چەند وردەکاریەکی ساکار و سادە نەبێ دەرزی بە بەینیاندا ناچێ. لەو چوارچێوەیەدا ئێستا ململانێی هەڵبژاردنەکان لە تورکیا لە ئارادایە، ئەوەی بەدی دەکرێ سوپای تورکیا کە خۆی وەک پارێزڤانی کۆمار دەبینێ، هەوڵ دەدا کۆتایی بە دەستەلاّتی تاکە پارتایەتی بێنێ، بۆ ئەوە پارتی کۆماری گەل "ج هـ پ" کە دەنیز بایکاڵ سەرۆکایەتی دەکات و خۆی بە میراتگری ئەتاتورک دەزانێت و لەناو ڕای گشتیشەوە بە پارتێکی نزیک سوپا دەناسرێ، ڕەخنە لە حکومەتی ئەردۆغان و سیاسەتی دەرەوەیان دەگرێ بەتایبەتی سەبارەت بە ئەندامبونی تورکیا لە یەکێتی ئەوروپا، کێشەی قوبرس و کێشەی کورد لە باشوری کوردستان کە ئەوان پێی دەڵێن "کوزەی ئێراق". حکومەتی دادو گەشەپێدانی ئیسلامیش کە خۆی بە سەرکەوتو دەبینێ لە لایەنی ئابوری و چاکسازی و پڕۆژەسازیدا، دەیەوێ ئەو کارتە لەدەست چەپ و ڕاستە شۆڤێنیەکانی تورکیا بێنێتە دەرێ و هەر بۆیەشە بەر لەوان باس لە کێشەکانی وەک

کەرکوک، هەبوونی پەکەکە لە باشوری کوردستان و یەکێتی ئەوروپادا دەکات، بۆیە کێشەی کورد بە قەد ئەوەی لە ڕوانگەی ستراتیژیەوە بۆ تورکیا زۆر ترسناکە بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو هەڕەشانەی دواییش لایەنێکی جدی و لایەنێکی پروپاگەندە واتە بەتەنیا قسە لەخۆوە دەگرێ.